فاضل شەورۆ

جۆلاییو کارگەچێتیو تەون گەری لەناو کوردەواریدا

مێژوونووس و ئەدەبیاتناس و فۆلکلۆرپەروەران ساغیان کردۆتەوەکە گەلی کورد نەك هەر خاوەن سامانێکی گەورەو رەنگینە لە فۆلکلۆردا، بەڵکو رۆڵێکی کاریگەریشی هەبووە لەسەر مێژووی کولتووری میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا. (ن .یا. مارر) کە رۆژهەلاتناسێکی ناسراوە، بەم بۆنەیەوە نووسیەتی: «خێڵەکانی کورد لە پێگەیاندنی ئاسیای بچووك و لە سازکردنی کولتوورێکی بەنرخ لە مێژووی میللەتانی پشت قەفقاسدا دەورێکی گەورەیان بینیوەو تا ئەمرۆش لە بینینی ئەو دەورەدا هەر بەردەوامن.[1]». بەلام حەیف و مەخابن، ئەوە سەدەی بیستەمیش دێ باروبارگەی خۆی بپێچێتەوە، کەچی ئەم گەنجینە بەنرخە، وەك پێویست وایە کۆنەکراوەتەوەو نەنرخێنراوەو لێکۆڵینەوەی زانستی قووڵ و فراوانی ئەوتۆی لەسەرنەکراوە کە تەپ و تۆزی رۆژگاری چەتوونی لەسەر لابدات و شەقڵ و مۆرە کوردەواریەکەی دەست نیشان بکات و بە جیهانی بناسێنێت. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە بەهیچ جۆرێ فۆلکلۆرەکەمان بەسەرنەکراوەتەوە. مایەیی خۆشبەختیمانە، کە لەم سالانەی دوایدا زۆر لە ئەدیب و هونەرمەندو رووناکبیرانی کورد کەوتوونەتە کۆشش و شەونخونی بۆ خزمەت کردنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان. بەلام ئەوەی کە سەرنجمان رائەکێشێ ئەوەیە کە زۆربەی زۆریان هەر خەریکی بەرهەمە ئەدەبیە سەر زارەکی‌یەکەن و بەشە فراوان و جۆروجۆرەکانی تری فۆلکلۆریان لەیاد کردووە، لەکاتێکدا نرخ و سەنگی ئەم بەشە فەرامۆش کراوانە هیچ لە نرخ و سەنگی ئەدەبە سەرزارەکی‌یەکە کەمترنین. ناسینەوەی بابەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆری- کوردی- بابڵێین حەقایەت -زۆرمان ماندوو ناکات، چونکە خاسیەت و بۆن و بەرامەی حەقایەتی کوردەواری دەست - نیشان ئەکرێن، بەلام ئایا ناسینەوەی (بەرە)یەك یان (بەرماڵێکی)چنراوی کوردەواری لە مۆزەخانەی (بەرلین)دا، یان لەهەر مۆزەخانەیەکی تری جیهان، کارێکی سووك و ئاسانەو هەروا بەسەرپێی ئەتوانین شەقڵ و مۆرەکەی خۆمانی لەسەر دەست نیشان بکەین و بڵێین ئەمە بەرهەمی دەستی جۆلای کوردن و لەو سالەدا چنراون ؟

خوێنەری ئازیز: بەشێ لەو گەنجینەی کە فەرامۆش کراوە لە فۆلکلۆرەکەماندا، پیشە میللی‌یەکانە (National – trade)، کوردیش هەر وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر بۆ پێویستی ژیانی خۆی گەلێك پیشەی هێناوەتە بەرهەم وەك: مووتابچیەتی، کەلاش کەری، شیرگەری، مزگەری، کل نانەوە، ئاسنگەری، دارتاشی، خەراتی، میزاگەری، کارگەچێتی، هەلاجی، سەراجی، کۆپان درویتی، چەخماخ سازی، لێفەدرویتی، کارێزکەنی، خومخانەچێتی، تەون گەری، دەباخ چێتی، کەوش درویتی، پانی‌بەرز درویتی، بەرگ درویتی، بەنایی[2] ...هتد. ئەم پیشە میللی‌یانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەل هەیە بۆ ئەوەی خاسیەت و رەسانایەتی بەرهەمەکانی خۆمان دەست نیشان بکەین و بزانین تاچ رادەیەك هونەری پیشەسازی کوردی کاری کردۆتە سەر دەرودراوسێکانی‌و ئەوانیش بە دەوری خۆیاندا چ کارێکیان کردۆتە سەر بەرهەمی پیشە میللی‌یەکانمان. ئەم نووسینەم دەروازەیەکە بۆ باسێکی فراوانتر دەربارەی (چنین و رستن) لە ناو کوردەواریداو رەنگ دانەوەیان لە جل و بەرگ و رایەخ و دەوارو..... بەرهەمەکانی تردا.

جۆلایی (Weaving)

پیشەسازی چنین بەیەکێ لەو پیشەسازی‌یە کۆنانە دائەنرێت کە لەگەڵ مرۆڤدا هاتۆتە کایەوە: ململانێی مرۆڤ لە لەگەڵ سروشتدا- وەك سەرماو سۆڵی زستانی سەخت - ناچاریان کردووە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو کەرستەو داپێویستیانە بدات کە یارمەتی مانەوەی لەژیاندا ئەدەن. لە سەرەتادا، مرۆڤ جل وبەرگی لە گەلای دارودرەخت و (Leaves) پێستەو (animal skin) فەرووی گیانداران (fur) دروست کردووە. دوایی هەر لە سروشتەوە فێری چنینی هێندێ گیاوگۆڵ بووە، لەمەشەوە فێری رستنی داووبەن (Wollen – thread) بووە لە خووری‌و (Clip) مووو (hair) لۆکە (cotton) کە بۆ چنینی جل و بەرگ و رایەخ و رەشماڵ و زۆر چنراوی تر بەکار



وینە (١): شانەی موو

هێناون، دوریش نیە هەر لە جالجالۆکەوە (Spider) فێری چنین بووبێت، دوای راهاتنی دەست و پەنجەی لە چنین و رستندا، کەوتۆتە رازاندنەوەی بەرهەمەکانی بە رەنگ و نەخش ونیگار، ئەمەیش بەکەڵك وەرگرتن لە بەکارهێنانی رەنگ و داوی هەمە جۆرو لێکدان و دوورمان کردنی چەند پارچە چنراوێکی هەمە رەنگ بۆ دروست کردنی بەرهەمێکی جوانترو باشتر.[٣]

هەرچەندە کتێبە کۆنەکان ، زۆر ئاماژەیان بۆ چنین و رستن کردووە بەڵام تاکو ئێستا نەزانراوە ئەم پیشەیە بۆ یەکەم جار لە چ هەرێمێکدا یان چ هۆزو میللەتێکدا سەری هەڵداوە. هەموو شارستانە کۆنەکان بەرهەمی چنراوی نایابیان هەبووە.[٤] لەناو کوردیشدا لەکۆنەوە ئەم پیشەیە زانراوەو راژەیەکی بێپایانی بەخەڵك گەیاندووە.

ئەم هۆیانەی کە یارمەتی پەرەسەندنی ئەم پیشەیەیان داوە لەناو کوردا ئەمانەن: (١) کەرستەی خاوی سەرەکی ئەم پیشەیە کە خووری‌و مووو مەرەزو میانەیە، بە ئاسانی بە چەنگ کەوتوون، ئەمانە بەرهەمی مەرومالات و وولاخی بەرزەن، لەبەر ئەوەی کوردستان ئاوو مێرگ و پاوانێکی یەکجار زۆری هەیە، هەر لە کۆنەوە ئاژەڵ بەخێوکردن لەناو کوردەواریدا باو بووە. (٢) زستانی سەختی کوردستان و ژیان و گوزەرانی کردن لە سروشتێکی دژوارو چڕی ناو شاخ و داخ و ئەشکەوت و دارستاندا، هەر زوو فێری کردوون کە بەبێ جل و بەرگ و رایەخ و دەواری باش و گەرم و گوڕ حەوانەوەیان ئاسان نیە.

لە کوردەواریدا جۆڵا (Weaver) بە کەسێك ئەوترێت کە بە دەست شت بتەنێ لە پێچالا.[٥] جۆلاکانی کوردستان زۆر دەست رەنگین بوون و چنراوی زۆر باشیان هێناوەتە بەرهەم . ئەمانەش هێندێ لەو بەرهەمانەن:-

١- رانك و چۆغە (Broad cloth):



وێنەی (٣): دۆلاب

چۆغە - چۆغەڵ - شەل وشەپك - جۆرە تەنراوێکی خووری خاوداری بەنرخە لەگەڵ رانکا لەبەردەکرێ.[٦]

کری (شاڵ) رانك و چۆغە بەم شێوەی خوارەوە دروست ئەکرێ:[٧] هەنگاوی یەکەم: کری رانك و چۆغە لە مەرەز ئەچنرێت. مەرەز موویەکی نەرمە بە ئەندامی جۆرە بزنێکەوە،[٨] پێی ئەڵێن (بزنە مەرەز)، لە دوای مانگی (خەرمانان) جەوبڕ (shearer) بزنە مەرەزەکان ئەبڕێتەوە. هێندێ جار مەرەزەکە لە لەشی بزنەکە هەڵئەوەرێت و شوان کۆی ئەکاتەوە. ئەم مەرەزە بەشانەیەکی دەست کردی خۆماڵی کە پێی ئەڵێن (شانەی‌موو - Comb) لەشانە ئەدرێت تا لە درك و داڵ و پشقۆڵ و شتی تر پاك بکرێتەوە. (بڕوانە وێنە ژمارە -١-).

هەنگاوی دووەم : ئەم مەرەزە پاککراوەیە بە تەشی (Spindle) ئەرێسرێت و داوەکەی پێی ئەڵێن (داوەمەرەز). دوایی ئەم داوەمەرەزە رێسراوەی قەدی تەشی‌یەکە ئەکرێت بە کەلاف (Skein of thread)، ئەمەش بە هەڵ کردنەوەی لەسەر چەرخی ئامێرێك پێی ئەڵێن (کورەژەن - Spinning - Wheel) (بڕوانە وێنەی ژمارە -٢-). ئەوسا ئەم کەلافە مەرەزە ئەخرێتە ناو مەنجەڵە ئاوێکی گەرم و لەگەڵ (گلێخە)دا ئەکولێندرێت. (گلێخە- سریش Orinthogalum) رووەکێکە لە سەلکەپیاز ئەچێ، لە وڵاتی خۆماندا زۆرە، دوای پاککردنەوەی ئەکولێندرێت تا نەرم ئەبێت، ئەوسا وەك نانە هەنجیرە پان ئەکرێتەوەو لەبەر هەتاودا ووشك ئەکرێتەوەو جوان بە ئاون وورد ئەکرێت و لەهێلەگ ئەدرێت.

هەنگاوی سێیەم: دوایی ووشك بوونەوەی کەلافەکە، بەهۆی ئامێرێکی تری دەستکردی خۆماڵی کە پێی ئەڵێن (دۆلاب) لە سەر چەند لوولکەیەك (reel) هەڵ ئەکرێتەوە. دۆلاب پێك هاتووە لە چەرخێکی دار، ئەختێ لە تایەی ئۆتۆمبیل بچووکترە، تەوەرێکی تێهەڵ کێشراوە کە دەستەندوویەکی هەیە بۆ



وێنەی (٢): کورەژەن

وێنەی (٤): دەستەچاخ





وێنەی (٥):کارگەی جۆلایی

سووڕانـدن، ئەم چەرخە بە هۆی داوەبەنێکەوە لوولکە دارێك ئەسوڕێنی کە جەمسەرێکی لوولکە قامیشی تێ‌هەڵ ئەکێشرێت . هەر جارەی پڕ بە سەبەتەیەك لەم لوولکانە هەڵ ئەکرێتەوە. (بروانە وێنەی ژمارە ـ٣ـ).

هەنگاوی چوارەم: ئەم لوولکانەش ئەخرێتە سەر ئامێرێکی تری دەستکرد پێی ئەڵێن (دەستە چاخ Spindle – Sticks) . بەهۆی ئەم ئامـێرەوە جۆلا لەسەر (١٢ـ١٦) بەرچیخ لە گۆرەپانێکی تەختـدا داوەمەرەزەکەی رایەڵ ئەکات. رانك و چۆغە نزیکەی (١٥) گەز شاڵی ئەوێت (ژمـارەی رایـەڵەکـان کە بەگـوێرەی شانەی کارگەی جۆلایی دائەنرێت ١٦×٢٠ یان ١٥×٢٠ یان ١٤×٢٠ ئەبێت). (بروانە وێنەی ژمارە ـ٤ـ).

هەنگـاوی پێنجـەم: ئەم رایەڵە هەڵ ئەکرێتەوەو بەشێوەیەکی تایبەتی ئەخرێتە سەر کارگەی جۆلایی (پێچاڵ Loom).
جۆلا شاڵەکە ئەکات بە دوو پارچە: (٧) گەز بۆ چۆغەو (٨) گەز بۆ رانك. (بروانە وێنەی ژمارە ـ٥ـ).

وێنەی (٦): شەپکە



وێنەی (٧): کوڵ



هەنگاوی شەشەم: شاڵە چنراوەکە لە (کوڵ) ئەدرێت:ـ شاڵەکە لەســەر دوو شەپکـەدار هەڵ ئەکرێتەوە. دوو کەس بەرامبەر یەکتـری رائـەوەستن، هەر یەکـەی شەبکەدارێکی لەدەست ئەگرێ‌و سەرێکی شاڵەکە هەڵ ئەکاتەوەو بەرەو ڕووی یەکتری دێن تا دوو شەپکەدارەکە لەگەڵ یەکدا جووت ئەبن. (بروانە وێنـەی ژمـارە ـ٦ـ)، دوایی ئەم شاڵەی سەر شەپکەدارەکان لەنـاو ئاودا ئەکـوڵێنـدرێت و ئەخـرێتە ناو کوڵێك کە لە قەدە دارێکی ئەستووری گردە بڕ هەڵ کەندراوە. بەهۆی چەند بوازە دارێـك توونـد توند ئەگوشرێت. (بروانە وێنەی ژمارە ـ٧ـ)، دوای شەوو ڕۆژێك لە کوڵەکە دەرئەهێنرێت و لە شەپکەدارەکان ئەکرێتەوەو ووشك ئەکرێتەوە. بەم شێوەیە شاڵەکە ئامادە ئەبێت بۆ دروین.

کری رانـك و چۆغـە رەنگ ناکرێت بۆیە هەر بەرەنگی مەرەزەکـە خۆی ئەنـوێنێ، وەك: مەرەزی خورمـایی، سپی، زەرتك، شینکی، گورگی، رەش.

جگـە لە کری رانـك و چۆغـە، مووتـابـچـی لە مووتابخانەدا ئەم بەرهەمانەشی هەبووە:

١ـ پۆپە شمین (پەشمینە، پەشمە) پێخەفێکی شاشی هاوینی‌یە لە خووری ریسراوی باریـك و لە دەزوو بەشێـوەی دامەیی‌و راستـە دروست ئەکـرێ. جاران هەمـوو زاوایـەك ئەبـوایـە پۆپەشمینکی خۆی هەبوایە بۆ شەوی بەزاوابوون بۆی ئەکرا بە (پەردە). پۆپەشمینی سلیمانی بە ناوبانگ بووە.

٢ـ جاجم: پێخەفێکی تەنراوی سفتی رەنگاو رەنگی خووری‌یە جاران ئەدرا بە خۆدا یا بەسەر نوین دا بۆ جوانی. ئەم جۆرە نەخشـانـەشی لەسـەر ئەچنرا: نەخشی ئەنگوستیلەیی، نەخشی مەورەت (Zig Zag)، نەخشی کەشکـۆڵی، نەخشی مێراب (هەر چارێکەی لە رەنگێك بوو.)

٣ـ جاو: لە دەزوو دروست کراوەو بەکـارهێنـراوە بۆ هەمـوو چەشنـە بەرگێـك و پێویستی‌یەکی ماڵی، رەنگی سپی‌و زەردو

وێنەی (٨):نیگاری سەر بەماڵ





وێنەی (٩): چەرخی مووڕستن



وێنەی (١٠): چەکەو کەوان

سەوزی هەبوون.

٤ـ خاولی: بریتی بووە لە پارچە قوماشێکی چنراو لە لۆکە، لە بری خاولی ئیمرۆ بەکار ئەهێنرا.[٩]

٥ـ بەرماڵ (Praying – rug) لە خووری یا دەزوو بە نیگاری تایبەتی ئەچنرێ‌و نوێژی لەسەر ئەکرێ.[١٠] (بڕوانە وێنە ـ٨ـ).

٦ـ شالی کۆپان: کۆن لە خووری دروست ئەکرا، ئێستا لە دەزوو دروست ئەکرێ‌و ئەدرێ بە بەری کۆپاندا، چونکە نەرمە ئازاری پشتی وولاخ نادات.

٧ـ خرار (Sack) جۆرە تەنراوێکی شاشی زبری مووینە زوو تووتنی تیادا ئەگیرا.[١١] ئێستا بۆ کا کێشانەوەو دەغل و دان بەکاردێت و تۆشی پێ ئەبەنە سەر گێلگە لە چەشنی (جوال) وایە.[١٢]

٨ـ رەشکە: لە لێک پێچان و توندو بەندکردنی داوە مووی ریسراوی ئەستور لە شێوەی تۆری ماسی گرتن دروست ئەکرێ بۆ کاکێشان لە تارمەی جۆخێن بۆ لەوەدەمو کادینان بەکار دێ.[١٣]

٩ـ تێرك (تـێر): دەفرێکی دوولایی وەك جەوال وایە بەلام ئەم دەمی لە تەنیشتەوەیە.[١٤]

١٠ـ شەلتە: دەفرێکی دوولایی گەورەی دەم بەرەلایە ئەدرێ بەسەر پشتی وولاخدا و شتی تێ ئەکرێ.[١٥]

١١ـ جۆرك: توورەگەی ئالیکی وولاخ (feed bag).

١٢ـ توور: جەوالی بچووك، توورەگەیەکە ئەچنرێ‌و شتی تێ ئەکرێ‌و سێ جۆری هەیە تووری شوان، تووری ئافرەت، تووری پیاوان.

١٣ـ شال (Shawl) لە خووری زبری ئەستوور دروست ئەکرێ بۆ پاك کردنەوەی لەشی وولاخ بەکاردێ.

١٤ـ رەشماڵ (دەوار Tent): موو ئەریسرێ‌و ئەچنرێ‌و ئەکرێ بە دەوارو هەڵ ئەدرێ‌و بەهاوین و زستان ستاری تیا ئەکرێ.[١٦]

١٥ـ گوریس (Rope) شتێکی ئەستووری درێژە لە چەند هەودایەکی بەن یان موو ئەهۆنرێتەوەو باری پێ شەکەت ئەدرێ.[١٧]

١٦ـ بەن (Wollen – thread) ریسراوی خووری، جاران بەندروو تەنیا بە بەن پینەو پەرۆی دەوارو رایەخ و خورج و...هتد ئەکرد.[١٨]

١٧ـ هەگبە (ruck – bag) جۆرە خور جولکەیەکی دوو تایی‌یە دا ئەبەسترێ بەپاشکۆدا.[١٩]

١٨ـ قۆچەقانی

١٩ـ قالی

٢٠ـ سەر کەللەی وولاخ

٢١ـ لفکە

٢٢ـ دەسترازە

٢٣ـ عەبا

٢٤ـ شالی هێنانەوەی بەفر

٢٥ـ راوك بۆ دروست کردنی شەربەت و دۆشاو.

٢٦ـ جۆلانەی گوریس ٢٧ـ خۆی‌دان.

جگە لەو ئامێرانەی باسمان کردن، جۆلا دوو ئامێری تریشی بەکار ئەهێنا بۆ مەیسەر کردنی کارەکانی:

١ـ ئامـێری چەرخی موو رستن، خەرەك (spinning Genny) بڕوانە وێنەی ژمارە ـ٩ـ)

٢ـ چەکـەو کەوانـە (Teasing – bow) (بڕوانە وێنەی ژمارە ـ١٠ـ) تێبینی: دوای ئەوەی موریس داوو بەنەکەی ئەریسێ، جۆلا بە گوێرەی نەخش و نیگاری پێویست هەڵدەستێ بە رەنگ کردنی بەنەکە. جاران هێندێ رەنگیان بەهۆی مازوو سماق و توێکـڵی دار گوێزو چوێت و گوگردو سرکەو هێندێ کەرەستەی



وێنەی (٩): چەرخی موورستن



وێنەی (١٠): چەکەو کەوان

سەوزی هەبوون.

٤ـ خاولی: بریتی بووە لە پارچە قوماشێکی چنراو لە لۆکە، لە بری خاولی ئیمرۆ بەکار ئەهێنرا.[٩]

٥ـ بەرماڵ (Praying – rug) لە خووری یا دەزوو بە نیگاری تایبەتی ئەچنرێ و نوێژی لەسەر ئەکرێ.[١٠] (بروانە وێنە ـ٨ـ).

٦ـ شالی کۆپان: کۆن لە خووری دروست ئەکرا، ئێستا لە دەزوو دروست ئەکرێ و ئەدرێ بە بەری کۆپاندا، چونکە ئەرمە ئازاری پشتی وولاخ نادات.

٧ـ خرار (Sack) جۆرە تەنراوێکی شاشی زبری مووینە زوو تووتنی تیادا ئەگیرا.[١١] ئێستا بۆ کاکێشانەوەو دەغل و دان بەکاردێت و تۆشی پێ ئەبەنە سەر گێلگە لە چەشنی (جوال) وایە.[١٢]

٨ـ رەشکە: لە لێک پێچان و توندو بەندکردنی داوە مووی ریسراوی ئەستور لە شێوەی تۆری ماسی گرتن دروست ئەکرێ بۆ کاکێشان لە تارمەی جۆخێن بۆ لەوەڕ کادینان بەکار دێ.[١٣]

٩ـ تێرێ (تـێر): دەفرێکی دوولایی وەك جەوال وایە بەلام ئەم دەمی لە تەنیشتەوەیە.[١٤]

١٠ـ شەڵتە: دەفرێکی دوولایی گەورەی دەم بەرطلایە ئەدرێ بەسەر پشتی وولاخدا و شتی تێ ئەکرێ.[١٥]

١١ـ جۆرك: توورەکەی ئالیکی وولاخ (feed bag).

١٢ـ توور: جەوالی بچووك، توورەکەیەکە ئەچنرێ و شتی تێ ئەکرێ و سێ جۆری هەیە توورەی شوان، تووری ئافرەت، تووری پیاوان.

١٣ـ شال (Shawl) لە خووری زبری ئەستوور دروست ئەکرێ بۆ پاك کردنەوەی لەشی وولاخ بەکاردێ.

١٤ـ رەشماڵ (دەوار Tent): موو ئەریسرێ و ئەچنرێ و ئەکرێ بە دەوارو هەڵ ئەدرێ و بەهاوین و زستان ستاری تیا ئەکرێ.[١٦]

١٥ـ گوریس (Rope) شتێکی ئەستووری درێژە لە چەند هەودایەکی بەن یان موو ئەهۆنرێتەوەو باری پێ شەکەت ئەدرێ.[١٧]

١٦ـ بەن (Wollen – thread) ریسراوی خووری، جاران بەندروو تەنیا بە بەن پینەو پەرۆی دەوارو رایەخ و خورج و....هتد ئەکرد.[١٨]

١٧ـ هەگبە (ruck – bag) جۆرە خور جولکەیەکی دوو تایی یە دا ئەبەستری بەپاشکۆدا.[١٩]

١٨ـ قۆچەقانی

١٩ـ قالی

٢٠ـ سەر کەڵلەی وولاخ

٢١ـ لفکە

٢٢ـ دەستڕازە

٢٣ـ عەبا

٢٤ـ شالی هێنانەوەی بەفر

٢٥ـ راوك بۆ دروست کردنی شەربەت و دۆشاو.

٢٦ـ جۆلانەی گوریس ٢٧ـ خۆیدان.

جگە لەو ئامێرانەی باسمان کردن، جولا دوو ئامێری تریشی بەکار ئەهێنا بۆ مەیسەر کردنی کارەکانی:

١ـ ئامـێری چەرخی موو رستن، خەرەك (spinning Genny) بروانە وێنەی ژمارە ـ٩ـ)

٢ـ چەکـەو کەوانـە (Teasing – bow) (بروانە وێنەی ژمارە ـ١٠ـ) تێبینی: دوای ئەوەی موریس داوو بەنەکەی ئەریسێ، جۆلا بە گوێرەی نەخش و نیگاری پێویست هەڵدەستێ بە رەنگ کردنی بەنەکە. جاران هێندێ رەنگیان بەهۆی مازوو سماق و توێکـڵدار گوێزو چوێت و گۆگردو سرکەو هێندێ کەرەستەی



وێنەی (١١): نیگاری سەر لباد (جەلەبی)



نیگاری سەرجاجم



نیگاری سەر لباد (رادایی)

وێنەی (١٢):

خاوی تری خۆماڵی دروست ئەکرد.[20] بەڵام لەم دوایەدا لەلای دەرمان فرۆشە میللی‌یەکانا دەرمانی ڕەنگ کردنیان ئەکڕی.

★

«کارگەچێتی Felt - making »

کارگەچێتیش، وەکو جۆلایی، پیشەیکی میللی کۆنە لەناو کوردەواریـدا شوێنێکی دیاری هەبووە. کارگەچی (لبادچی) زۆر بەرهەمی بە کەڵکی دروست ئەکرد کە زۆر پێویست بوون بۆ بەرگری سەرماو سۆڵی زستان. جاران کارگەچی لە گوندەکان ئەگـەڕاو لادێیەکان خووری‌و بەرگن و مەرەزی خۆیانیان بۆ ئەهێنـاو ئەویش بۆی ئەکـردنـە ئەو شتـانەی کە پێویستیان پی‌بوون و حەق دەستی خۆشی لێوەرئەگرتن.

یەکێ لە بەرهەمە بەکەڵکەکانی کارکەچی (لبادە Felt) ئەویش بەم شێوەی خوارەوە دروست ئەکرێ.[21]

هەنگـاوی یەکەم : لباد لە بەرگن (لووا) دروست ئەکرێ، کە بەرخی ساڵ تەمەنی بووە پێنج شەش مانگ ـ واتا پێش ئەوەی گەرمای هاوینی لە پشت بدا ـ ئەبردرێت بۆ رۆخ رووبارێك و جوان خووریـیـەکـەی ئەشـۆردرێت. دوای سێ رۆژان جەوبر ئەیبرێتەوەو بەرگنەکە بۆ لبادچی ئەهێنرێت. سا ئەویش بەرگنی بۆرو سپی‌و رەش و سوور لێك جیا ئەکاتەوەو بە چەکەو کەوان جوان شی ئەکاتەوەو بە تەرازوو بای لبادێکی لێئەکێشێ.

(بۆ لبادی ئاسایی یەك هۆقەو بۆهی گەورەش هۆقەو نیوێك).

هەنگاوی دووەم: بەرگنە پەرەکراوەکە لەسەر کارگە رائەخرێت. کارگەی لبادچی دوو جۆری هەیە: لە چیغ دروست ئەکرێ یان لە گونیـە. درێـژییەکەی (١٢م)و پانی‌یەکەی (٤م) ئەبێ‌و لە جەمســەرێکی کونیــەکــەوە بەلای پانیــەوە، دارێکی ئەختێ ئەستووری بە قەد خۆی درێژ شەتەکدراوە. لەگەڵ راخستنی بەرگـنــەکــە ئەخش و نیـگــاریشی بۆ دروست ئەکــرێت بە بەکـارهێنــانی بەرگنی هەمــەرەنــگ. ناوە ناوە ئەم داخراوەیە ئاورشێن ئەکرێت، ئەوسا لە گونیەیی کارگەکە لوول ئەدرێت و بە گوریس جوان ئەپێچــرێ‌و بە چەنــد کەسێــك ئەکــەونــە پەستــانەوەی بۆ ماوەی (٢٥) دەقیقە، شێوەی پەستانەکەش ئەبێ هەمــوویــان بەیــەکــەوە قاچ بەرزکــەنەوەو بەیەکەوەش دایبگرنە سەر پێچراوەکە.

ئەم هەنگاوە پێی‌ئەوترێت (چیغی یەکەم).

هەنگاوی سێیەم: گونیە پێچراوەکە ئەکرێتەوەو جارێکی تریش بەرگنەکە رێك ئەخرێتەوە تا هیچ شوێنێکی چاڵ و ئەستوورو خوارو خێــچ نەبێ، ئەوســاکە ئەپێچرێتەوەو بۆ ماوەی (٢٥) دەقیقەی تریش ئەپەسترێتەوە. ئەمەش پێی ئەوترێت (کووتان).

هەنگاوی چوارەم: بۆ ماوەی شەش حەوت سەعات ئەم بەرگنە پێچــراوەیــە لە شوێنێکی گەرم و شێــداردا ـوەك حەمــام ـ ئەپەسترێتەوە. زۆربەی جار شاگردەکان بەم کارە هەڵ ئەستن. ئەم هەنگـاوەش پێی ئەڵێن (بگـێڕ). لە کۆتـایدا لبادەکەی لە گونیەکە دەرئەهێنرێت و دائەنرێت تا ووشك ئەبێتەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە ـ١١ـ وە ـ١٢ـ)

ئەمانەی خوارەوەش هێندێ لە بەرهەمەکانی لبادچین:

١ـ کەپەنك (فەرەنجی): جۆرە کاڵایەکی سەردەمی‌یە، بێ قۆڵە بەڵام گوێچکەدارە لە بەرگن دروست ئەکرێت لە زستاندا لەبەر ئەکرێ‌و بۆ شەویش وەك پێخەف بەکاردێ.

٢ـ کەچە: فەرەنجی بێ‌قۆڵی ئاودامانە.

٣ـ پاڵتۆ (قاپووت): ئەمیش دوو جۆری هەیە: کڵاودارو بێ‌کڵاو. وەك فەرەنجی وایـە بەڵام ئەمـەیـان قۆڵدارەو یاخـەی هەیەو ئەخشی تیا نیە. زستانان شوان لەبەری ئەکا.

٤ـ کەرك: لە شێوەی فەرەنجی‌یە لەسەر جل و بەرگ سەپان بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر بەکاری دێنێ.[22]

٥ـ کولەبـاڵ: فەرەنجی‌یەکی کورتی سادەی کوێچکەدارە دوو جۆری هەیە قۆڵدارو بێ قۆڵ.

٦ـ سەرکلاو (felt – hat) ئەویش دوو جۆری هەیە، یەکێکیان لەسـەر شێـوەی کلاوێکی قووچی ڕۆخ پان هاوینان شوان و سەپان لەسەری ئەنێن، جۆرەکەی تریتی لە شێوەی (کۆچکە) لەگەڵ کەپەنك یان پاڵتۆ ڕۆژانی بەفروباران شوان لەسەری ئەنێ.

٧ـ هیـزەدان: لە شێوەی دەفر دروست ئەکرێ، هێزە ڕوونی ئەخرێتە ناوو لە ئەشکەوتاندا هەڵئەگرن تا ڕوونەکە تێك نەچێ.

٨ـ لبادی کۆپەران: ئەخرێتە سەر ملی گاجووت لەکاتی جووت کردنا

٩ـ تەرلك: بۆ ژێر زین.

١٠ـ سەرکوشینی ئوتومبیل

١١ـ سەرزین

١٢ـ گۆرەوی لباد

١٣ـ کلاوی لباس.

«تەون گەری Rug – making »

تەون گەری پیشـەیـەکی کۆنـە. فیرعـەونـەکـان و عیراقی‌یـەکانی کۆن زۆر بایەخیان بەم پیشەیە داوە. هەر بۆ نموونە گۆرستانی (کورش) ـپاشای فارس ـ بە ڕایەخی بابیلی داخرابوو. ئیمرۆش لە مۆزەخانەی (لۆفەر) هێندێ تاتەبەردی سەردەمی ئاشـووریـەکـان دانراوە کە وێنەی ڕایەخی کۆنی لەسەر هەڵکەندراوە.[23]

هێنـدێ لە مێژوونووسان وای بۆ ئەچن کە ئەم شوێنەی ئەم پیشـەیـەی لێداکـەوتووە ئەکەوێتە نێوان وڵاتی چین (لە ڕۆژ هەڵات داو) وڵاتـانـی ئاسیـای ناوەراست (لە ڕۆژ ئاوادا). هەروەها ئەڵێن دوور نیە خێڵە کۆچەریەکان یەکەم کەس بووبن تەون گەریان زانیبێ.

لە سەرەتـادا ، بۆ ڕایـەخ پێستـەو فەرووی مەڕومـاڵاتیـان بەکـارهێنـاوە، بەڵام کە سەیـریـان کردووە بۆ ئەمـە ئەبێ قوربانی‌یەکی زۆر بدەن، لە کاتێکدا سەرمایەی ژیانی ئەوان هەر مەڕوماڵاتەکە بووە، بیریان کردۆتەوە کە ژێرخەرەکانیان لە شێوەیەکی تردا دروست بکەن. لە سەرەتادا ڕایەخەکانیان کە لە خووری‌و مووو مەرەز دروست ئەکرد، بریتی بوون لەچەند ڕایەڵێك، تیسکە خووری‌و مووی درێژی لێکۆت و بەند کرابوو، لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەم بەرهەمەی لێ هاتۆتەوە کە ئیمرۆ لەبەر چاومانە.[24]

لەناو کوردەواریشدا لە کۆنەوە تەون گەری هەبووە. زۆر لە ئافرەت و پیاوانی کورد دەست ڕەنگین بوون لەم پیشە میللی‌یەدا.[25] کارگەی تەونیش بەم جۆرەیە:[26]

دوو کۆڵەکە دار (٢٨٠سم) ئەبن بە شێوەیەکی تەریب و ستـوونی لە زەوی چەقێنـراون، پێیـان ئەڵێن (سمتـەك) لە سەرەوە دارێکی درێژ هەیە پێی ئەڵێن (سەرتان) درێژی‌یەکەی (٢م) ئەبێ. لە ژێرەوەش، لە نزیك زەویەوە دارێکی تر ڕایەڵ کراوە پێی ئەڵێن (بن تان). ڕایەڵی تەونەکە لە نێوان سەرتان و بن تانەکە بەستراوە، بە دەرزی‌یەکی درێژەو بەنی مەکۆ ئەبرێت بەناو بەینی تان و پۆکەداو هێدی هێدی بە مشتەیەکی تایبەتی

وێنەی (١٣): تەون



ئەکوترێت. (بروانە وێنەی ژمارە -١٢-).
تەون گەر ئەم کەرستانە بەکارئەهێنێ:
١- قوولاب کە هێندی جار لە شاخی بزنە کێوی دروست ئەکرێ
٢- کەلکییت (Teasel - bur) شتێکی دەسکدارە شانەی ئاسنی تێبراوە وەك پەنجەی دەست، تەونی پێ ئەکوترێ بۆ سفت بووی.
٣- بەوش: دارێکی دانەداری پانە ئەیخەنە ناوەندی تان و پۆی جاجمەوە بۆ ئەوەی کە پێی بکوتن و سفتی بکەن
٤- قەلەمبڕ بۆ داو بڕین.
ئەمانەش بەرهەمی تەون کەرن:
١- بەڕە: کە دەها جۆری هەیە لەرەنگ و شێوەو قەبارەو نەخش و نیگارەوە.
٢- مەوج: لە جاجم ئەستوورترە ئەکرێ بە پشتی لێفە بۆ گەرمی
٣- جاجم.

رەنگ دانەوەی چنین و ڕستن لە ناو فۆلکلۆری کوریدا:

ئەدەبی فۆلکلۆر، ئاوێنەیەکی بێگەردی مێژووی میللەتە. تاقیکردنەوەو ئەزموونی ساڵەها ساڵی رەنجدان و ئارەقە ڕشتن و زوڵم و زۆرداریو سەرکەوتن و بن کەوتن و خۆشیو ناخۆشی نەتەوەکەی لەناو پەندو هونراوەو حەقایەت و ئەفسانەو مەتەڵ ...هتد کۆکردۆتەوەو وەك فەلسەفەی ژیان پێشکەشی ڕۆڵەکانی ئەکات. لە ناو ئەدەبی سەرزارەکی کوردیشدا هەمان رەنگدانەوە هەیە.

ئەمانەش مشتێ لەو پەندو ئیدیۆم و مەتەڵەن کە لە پیشەی چنین و ڕستندا هەڵێنجراون:-

١- تۆم کرد بە جۆلا مەکۆم بدزیت.
٢- ریسەکەمان بووە بەخووری.
٣- ریسی باریك و نانی تەنك بە پیتن.
٤- ریسی راستی باریك ئەبێ بەلام ناپچڕێ.
٥- نەریسرایە، نەپێچرایە، تەقە تەقی جۆلایە.
٦- نەڕیسراوە نەچنراوە، گلە گلی دێ لە دواوە.
٧- باریکیان ئەڕیسی.
٨- جۆلا بەسەر دڕی خۆیەنارازی بێ.
٩- هەوران بروسکە بروسکە/ خووری‌یەمە هێشا تیسکە.
١٠- جۆلا کراسی نەبوو، تۆپی جاوی لەخەو دی.
١١- هەموو خوڕیەك ئاو نیە، هەموو چنراوێکت جاو نیە.
١٢- بەن گوتیەتی: هەڵم بگرە بە کەڵکت دێم، ئەگەر هەڵم نەگریت لە من کەمتر بی .ئەگەر بە کەڵکت نەیم لە تۆ کەمتر بم.
١٣- تەون کێ کردی؟ ئەوەی بری.
١٤- سۆالکەر پیخوەسن، جومکەر بێکراسن.
١٥- پیرەمێرد ئەڵێ: کەژنان دەستیان گەیشتە کوتەك/ پیاوان ناچارن بچنە بن خەرەك.
١٦- تەونی بێتان و پۆ هەڵ مەخە
١٧- تەونی بی تان و پۆ بە دارەوەیە.
١٨- دەڵێی مەکۆی جۆلایە.
١٩- جاو دەنێتەوە
٢٠- خەرەك دەرێستی
٢١- بەنی کەسێکە بە من بانادرێت
٢٢- بەنی شلەوە بووە
٢٣- نان گیرا ئاو، ئاو گیرا جاو
٢٤- ئاسن و بەن و گلۆڵە، تێم یەخست ڕەشی دولا، لێم خوڕی کردیە قولە «کارگەی جۆلایە».
٢٥- حوشتر حایە لە حەوایە، دایم دەشتە کون لە پشتە. «ڕەشماڵە».
٢٦- ئەمەش مەنەلوجێکی فۆلکلۆری‌یە لەنێوان کچ و دایکێك دا:

کچ: دایە مەمدە بە جۆلا
جۆلا تەقە تەقیەتی
دوو پوول و نیو حەقیەتی
ئەویش کرێی ژن یەتی.
دایك: کچم، عیلاجم نی‌یە
قەردی جۆلام خواردی‌یە
جۆلا دەکا رایەڵی
ژنێ بەجێ نایەڵی.

٢٧- جاران یەکێ کە ڤێی لێنەهات پۆپەشمینکی ڕەشیان بەسەردا ئەدا.

فەرهەنگۆکە

کل نانەوە: دەفری لە قوڕ دروست کراوی تیا سوور ئەکرێتەوە
مێرازگەری: بۆ دروست کردنی بەردی ئاش و دەستارو دۆڵ و باگردێن و دەسکە دۆڵە لەبەرد.
شیرگەری: خەنجەرو چەقۆو کێرد دروست کردنە.